# بیناکردن و ڕوخانی دیوارەکان...!

**(لەبارەی تێپەڕبونی بیست ساڵ بەسەر ڕووخاندنی دیواری بەرلین دا)**

**موزەفەر عەبدوڵا**
mozafar_as@yahoo.com

ڕۆژی 9-11-1989 لە ڕووداوێکی دراماتیکی کەم وێنەو لە چوارچێوەی فەزایەکی پڕ عاتیفە لە گریان و پێکەنین ملیۆنی خەڵکی ئەڵمانیاو جهانداو شامپەین هەڵدانی سەرانی سیستەمی نوێی جهانی داو لە سایەی ئاسۆیەکی سیاسی پڕ تەمومژو و ناڕۆشن بۆ بەشی هەرە زۆری دانیشتوانی نەك هەر بەرلین و ئەڵمانیا، بەڵکو بۆ زۆربەی هەرە زۆری دانیشتوانی جهان ،دیواری بەرلین ،کە ڕەمزی جیاوازی و جیاکەرەوەو ناکۆکی جهانی، ئایدیۆلۆژی و سیاسی و کۆمەلایەتی و ئابوری و فەرهەنگی و تەنانەت سۆز و خۆشەویستی نێوان هەزاران کەسی بەرلین و ئەڵمانیا بوو، پاش چەند هەفتە لە ناڕەزایەتی خەڵك ڕوخێنراو لەگەڵ زەویدا تەخت کرا.هەڵبەت بیرۆکەو بڕیاری بیناکردنی ئەم دیوارە دەگەڕێتەوە بۆ نیسانی ساڵی 1952 کە سەرانی حکومەتی ئەڵمانیای ڕۆژهەلات لەگەڵ ستالین و بەرپرسانی سۆڤیەت کۆبونەوە بۆ گفتوگۆکردن لەسەر داخستنی یەکجارەکی دەروازەکانی نێوان ئەڵمانیاو بە تایبەتی بەرلین. لەو کۆنونەوەیەدا وەزیری دەرەوەی ئەوکاتی سۆڤیەت ،مۆلۆتۆف ،پێشنیاری بیناکردنی ئەو دیوارەی داو ئەوانیش بڕیاریان لەسەر دا، بەم شێوەیە لە ساڵی 1961 دیواری بەرلین بینا کرا.پێویستە ئاماژەش بەوە بدەین کە ئەمەش ڕاستەو خۆ یەکێکی تر بوو لە ئاکامەکانی دوای کۆتایی هاتنی جەنگی جهانی دووەم کە تیادا هیتلەری نازی شکستی خواردو ڕژێمە براوەکانی وەك سۆڤیەت و ئەمریکا و بەریتانیا و فەرەنسا بڕیاری دابەش کردنی جهان بە گشتی و ئەڵمانیا بە تایبەتی دا لە نێوان خۆیان .

ئەمساڵیش پاش تێپەر بوونی بیست ساڵ بەسەر ئەم ڕووداوەدا ڕۆژی 9-11-2009 بە ئامادەبونی هەزاران کەس و بە بەشداری سەرانی چەندین دەوڵەت لە پێش هەموویانەوە جۆرج بۆشی سەرۆکی ئەو کاتی ئەمریکاو میخائل گورباتشۆڤی سۆڤیەتی کۆن بە هەمان شێوەی دراماتیکی یادی ئەم ڕووداوەیان کردووە. ئەمە سەرەڕای بەشداری ئەنجلا میرکل و سارکوزی و هیلاری کلنتۆن و دەیان بەرپرسی ولأتانی تر.

هەڵبەت سازدانی ئەم یاد کردنەوەیە بەم شێوازەو لەم هەلومەرجەدا کە سەرجەم سیستەمی سەرمایەداری جهانی ئەمرۆ پیایدا تێپەڕ دەبیت بۆ هەر هەڵسوراوێکی کۆمۆنیستی و سۆسیالستی و چاودێرێکی سیاسی جدیش مایەی پرسیارو سەرسورمانی زۆرە.

ئەگەر ئەمڕۆ هەر چاودێرێکی بە ئینساف و مرۆڤدۆست و واقع بین و لایەنگر لە سەرەتایی ترین ئازادی و مافە ئابوری و سیاسی یەکانی کرێکاران و زەحمەتکێشان و دوای تێپەڕ بوونی بیست ساڵ بەسەر ئەم ڕووداوە چاوێك بخشێنێ بەسەر نەخشەی سیاسی و ئابوری و کۆمەلأیەتی جهانی ئەمرۆدا چەندین ڕاستی واقعی درك پێدەکات لەوانە:

**یەکەم**:بە پێچەوانەی پروپاگەندە ژەهراویەکانی دامودەزگا ئیعلامی و سیاسی ،بە حکومی و حزبی و سەربەخۆیانەوە،ئەمرۆ وا زیاتر و زیاتر بۆ خەڵکی جهان ڕۆشنتر دەبیتەوە ئەوەی کە کەوتە ژێر هەرەسی دیواری بەرلینەوە نە سۆسیالیزم و کۆمۆنیزم بوو وە نە کۆتایی مێژووش بوو.ئەوەی ڕووخا جگە لە مۆدیلێکی سەرمایەداری دەوڵەتی زیاتر، کە دەوڵەت کۆنترۆلی هەموو هۆیەکی بەرهەم هێنانی کردبوو، هیچی تر نەبوو. وە ئەمەیان نیشانی خەڵکی دەدا بە ناوو وێنەی سۆسیالیزم و کۆمۆنیزم. لە کاتێکدا سۆسیالیزم و کۆمۆنیزم هەرگیز بە مانای کۆنترۆل کردنی دەوڵەت نایەت بۆ هۆیەکانی بەرهەم هێنان، بەڵکو سۆسیالیزم و کۆمۆنیزم بە پێی تاریف و چەمکی مارکس ،هەروەك لە مانیفێستی حزبی کۆمۆنیستدا هاتووە، یانی خاوەنداریێتی هاوبەشی کۆمەلأیەتی بۆ هەموو هۆیەکانی بەرهەم هێنان و دابەش کردنی بەرهەمیش لەسەر بنەما و دروشمی بۆ هەر کەس بە پێی تواناو بە پێی پێویستی .

**دووەم**:ئەو ڕاستی یە ئێستا زیاتر ڕوون بۆتەوە بۆ خەڵکی کە پڕوپاگەندەکانی سەرانی ئەم سیستەمە بۆ کێشەکانی جهان لەوانە: کێشەو ستەمە مللی یەکانی وەك فەلەستین و کوردستان و چەندین کێشەی تری وەك:بێکاری و هەژاری و گرانی لە رادەبەدەر و ئاوارەیی و دەربەدەریی و کۆچ و پەنابەری بە کۆمەڵ و جەنگ و شەڕە تایەفی و دینی و قەومی و عەشیرەتی

یەکان و سەرهەڵدان و گەشە کردنەوە سەرلەنوێی بزوتنەوە کۆنەپەرستی یەکان، لەسەرو هەموویانەوە ئیسلامی سیاسی و تیرۆریزمە ڕەشەکەی، تا دەگاتە بەرزبونەوەی پلەی گەرمی گۆی زەوی، کە بۆتە مەترسی یەکی گەورە بۆ گۆی زەوی، تا کێشەو گرفتی ئالودەبوون و بازرگانی بە موادی موخەدیر و سێکس ولەشفرۆشی بە کۆمەڵی ژنان و منالآن ، ئەمانە هەمووی بەخششی زیاتری سیستەمی نوێی جهانی بازاری ئازاد و دیموکراسی دوای ڕوخانی دیواری بەرلین و هەرەسی بلۆکی ڕۆژهەلآت بوو.

**سێهەم:**ڕاستی یەکی تری شاراوەی پشتی ئەو ڕووداوانە کە ڕۆشنتر بۆتەوە بۆ خەڵکی کۆتایی هێنانی تاك جەمسەری و زلهێزی خودی ئەمریکایە.ئەم لێژ بونەوەو بەرەو کۆتایی هاتنەی زلهێزی ئەمریکا بە تایبەتی لە یەك ساڵی ڕابردوودا لە دوای قەیرانی قوڵی دارایی و عەقار و سەرجەم قەیرانی ئابوری دێت کە بە داننپیانانی خودی باراك ئۆبامای سەرۆکی نوێی ئەمریکا ئیتر جێگاو ڕێگای سیاسی و ئابوری و سەربازی ئەمریکا گۆڕاوەو و هێز هاوسەنگی جهان وەك چەند ساڵ لەمەوبەر نی یە بە قازانجی ئەمریکا. بۆیە بە پێچەوانەی دەورانی ساڵەکانی نەوەتەکانەوە لە جیاتی سەپاندنی ستراتیژی سیاسی و سەربازی،ئیتر هەر لە نەخشەی ڕۆژهەلآتی ناوەندی گەورەو نوێ تا نەخشەی ڕێگا بۆ چارەسەری مەسەلەی فەلەستین و تا ململانی و ناکۆکی لەگەڵ ئیسلامی سیاسی قاعدەو ئیران و کۆریاو سوریا و ئەوانی تر ،لە ئاست هەموو ئەمانەدا پاشەکشەی تەواو بە گەورە هێزی ئەمریکا هاتووە .ئێستا لە بری هێز نیشاندانی سەربازی بە ئاشکرا باس لە ئەولەویەتی شێوازی دیبلۆماسی دەکرێت لە ناکۆکی و ململانێ و پەیوەندی یە نێو دەوڵەتی یەکان .

لە ڕووی یەکەی ترەوە خودی شکستی باڵی ڕاستی نیو لیبرالی حزبی کۆماری بە ڕابەری جۆرج بۆش لە هەڵبژاردنی ساڵی ڕابردوو ئەو ڕاستی یە دەردەخات کە ئیتر خەڵکی ئەمریکا لەوە زیاتر ئامادە نین ببنە قوربانی سیاسەتی ئەم دەستەو تاقمە چەتەیە.

**چوارەم:**ڕاستی یەکی تر ئەوەیە کە لە ژێر داروپەردوی هەرەسی بلۆکی بەناو سۆسیالیستی و کۆمۆنیستی، ئەگەرچی زیانی گەورە بە بزوتنەوەی کرێکاری و کۆمۆنیستی ، کۆمۆنیزمی مارکس گەیشت، بەلآم پشتراستکردنەوەی ئەم بزوتنەوەیە و سەرجەم بزوتنەوەی کۆمەلآیەتی چینی کرێکار لەم چەند ساڵە بە ئاشکرا دیارە. بە تایبەتی لە یەك ساڵی رابردوودا لە دوای قەیرانی ئابوری جهانی و بەرگری جەسورانەی کرێکاران و زەحمەکیشان و ژنان و لاوان و قوتابیان و بزوتنەوەی دژ بە شەڕ لەم سەر بۆ ئەوسەری دونیا بەدی کراو دەکرێت .

هەڵبەت سەرمایەداران و حکومەتەکانیان لەو باوەرو خەیاڵەدا بوون کە بە شکستی سۆڤیەت هەرچی جلوەی ئازادی و ئازادیخوازی وسۆسیالیستی و نارەزایەتی کرێکاری هەیە کۆتایی پێ دێت. بەلآم بە پێچەوانەوە بزوتنەوەی نارەزایەتی کرێکاران و خەڵکی ئازادیخواز لە ئاستی جهان بە تایبەتی لە ئەوروپا و ناو جەرگەی ئەمریکا لە دژی بێکاری و جەنگ و بەدخۆراکی لەم چەند ساڵەدا بە ئاشکرا دیارە .

لەمبارەیەوە زنجیرە نارەزایەتی یەکانی کرێکارانی هێڵی ئاسنی فەرەنسا و پۆست و گەیاندنی بەریتانیا و ڕاپەڕین و خرۆشانی کرێکاران و خەڵکی ئازادیخوازی یۆنان و بەشە جیاجیاکانی کرێکارانی ئیتالیا و ئەڵمانیا و تا دەگاتە ئوستراليا و تا دەستەویەخەبونەکانی کرێکاران لە یەکی ئایارەکانی پار ساڵ و ئەمساڵ لەسەراسەری جهان و سەلآی بەرزی دروشمی بژی سۆسیالیزم و بژی یەکێتی کرێکاری لە ڕوسیا تا ئەوروپا تا یۆنان و تا ژاپۆن وتایلەندو فلیپین تا تورکیاو ئیران و عیراق و زۆرێك لە وولآتی تر تا ناوجەرگەی ئەمریکا کە کرێکارانی کارگەیەکی شاری شیکاگۆ کۆنترۆلی کارگەکەیان کرد شایەدی ئەوەن کە ئیتر ئەم بزوتنەوە چینایەتی یە کۆمەلآیەتی یەو ڕەوتە ڕادیکالە سۆسیالیستی یەکەی ئەمرۆ پێی لەسەر ئەرزی واقعی خۆی داگرتوەو زیاتر ئاسۆی سیاسی خۆی رۆشن دەکاتەوە. جا ئەگەر لاوازی یەك هەیە ئەمرۆ لەم بزوتنەوەیەدا زیاتر لە لاوازی تەحەزوبی لینینی دایە .

**پێنجەم:**خاڵێکی تر کە پێویستە لە کۆتایی دا ئاماژەی پێ بکەین ئەوەیە کە ئەگەر پێش بیست ساڵ دیواری بەرلینیان ڕوخاند کە ڕەمزی کێشمە کێشی نێوان دوو باڵی بۆرژوازی و دوو شێوازی موڵکداری تایبەتی دەوڵەتی و بازاری ئازاد بوو ئەوە ئەمرۆ بە شێوەی مادی و مەعنوی دەیان دیواری چینایەتی و قومی و دینی و تایەڤی و ڕاسیستیان بیناد ناوە لەسەرو هەمویانە دیواری ڕەگەزپەرستانەی ئیسرائیل بە درێژایی 700کم کە لە مێژووی بەشەری دا بێ وێنەیە .بینا کردنی ئەم دیوارە لە لایەن ڕژێمی ڕەگەزپەرستی ئیسرائیلەوە بە بەرچاوی سەرانی سیستەمی دیموکراسی یەوە کە بۆتە هۆی لێك

دابڕانی چەند ملیۆن لە خەڵکی بێ تاوانی فەلەستین و لە چاوەڕوانی و لە ژیانێکی کولەمەرگی و پر ئەسارەتدا، زیاتر ناوەڕۆکی پوچی دیموکراسی و مافی مرۆڤی سەرانی حکومەتەکانی ڕۆژ ئاوا لەسەر هەموویانەوە ئەمریکا دەردەخات.

بۆیە کۆتایی هێنان بە هەموو ئەو دیوارانە ئەرکی چینایەتی چینی کرێکار و بزوتنەوە کۆمۆنیستی یەکەیەتی لە ڕێگای خۆ ڕێکخستن و خۆ ئامادە کردن بۆ شۆڕشێکی تری سۆسیالیستی و بەدی هێنانی دونیایەکی باشتر کە لەسەر بنەمای خاوەنداریتی هاوبەشی کۆمەڵایەتی بۆ هۆیەکانی بەرهەم هێنان دامەزرا بێت تا بە تەوای ئازادی و یەکسانی و دادپەروەری کۆمەڵایەتی بەرقەرار دەبێت.

2009-11-9